# فەلسەفە و زانست

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بۆچی بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست کە نزیکەی هەزار ساڵ تەمەنی بووە، لە سێبەری هەردوو ئایینە ئیبراهیمیەکەدا (مەسیحی و ئیسلام) هیچ جۆرە پێشکەوتنێک بەرچاو ناکەوێ، پەرەسەندن هەست پێ ناکرێ، زانستەکان دەرفەتێکی ئەوتۆیان نەبووە و کۆمەڵگە لەلای خۆیەوە نەک هەر گەشەی نەکردووە، بەڵکوو چەقی بەستووە، کاروباری دنیا- ژیان بەتەواوی پشتگوێ خراوە.

- ئەو وەڵامەی لەو کایەیەدا بەرچاو دەکەوێ و سەرنجی ڕاکێشاوە هۆکاری ئەو ڕەوشەی بۆ نەبوونی (میتۆدێکی ڕیکوپێکی زانستی) گێڕاوەتەوە. ئەو ڕێگەیەی ئەوسا، ئەو سەردەمە گیراوەتەبەر نەک هەر زانستی نەبووە، بگرە ڕۆڵی ژیر و لۆجیکی پەک خستووە و هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی توێژینەوەی زانستی هەڵنەگیراوە کە شایستەی باسکردن بێت. تێبینی و مەرج و جۆرەکانی، ئەزموون و تاقیکردنەوە و چەشنەکانی، گریمانە و جێبەجێ کردنیان ڕۆڵی هەستەکان و پێشبینی کردن نەک هەر کاڵ کراونەتەوە، بەڵکوو بەدەگمەن نەبێ، پەنایان بۆ نەبراوە.

- ئەو گازندەیە شانی فەلسەفە بەگشتی و لۆجیکی بەتایبەتی گرتووەتەوە کە گوایە لۆجیکی مامۆستای یەکەم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بابەتی (پێوانە) کە وەک نەخشە ڕێگە پشتی

پێ بەستراوە تاکە گوڵێک ناخاتە سەر خەرمانی پێشکەوتنی هزر و زانست، چونکە ئەوەی لە سەرەتا لە پێوانەدا گریمانە کراوە دووبارە لەئەنجامدا دەردەکەوێتەوە و شتێکی نوێ ناداتە دەست و زانین فراوان ناکات و بەهیچ جۆرێک پرۆسەی توێژینەوەی زانستی کارا ناکات.

– لەلایەکی دیکەوە لۆجیکی ئەرستۆ ڕوخسارییە و ناوەرۆکی دەستەواژەکان دەخاتەلاوە، ئەمەش جۆرە دوورکەوتنەوەیەکە لە ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک کە زانست پەنایان بۆ دەبات، جگە لەوەی هاوردەی هەستەکان بەهەند وەرناگیرێ. بابەتی ئیستقرا (ئیندەکشن) کە مامۆستای یەکەم قسەی لێ کردووە پتر دەڵەمەیی بووە و ناتەواوە، چونکە ئەگەرچی ئەو چالاکییە لە تایبەتییەوە بۆ گشتی و لە هەندەکییەوە بۆ هەمەکی هەنگاو هەڵدەگرێ، بەڵام گشت تاک و هەندەکییەکان وەرناگرێ، بەڵکوو پشت بە نموونەی دیاریکراو دەبەستێ و ئەنجامەکانیش ناتەواو ڕێتێچوون دەبن.

٢– میتۆدە دەبێ لە خۆیدا بابەتی سەربەخۆ بێت، ئەوەندەی پێوەندی بەزانستە جیاجیاکانەوە هەیە. ئامراز و ڕێگەیەکی تەکنیکی بێت، ئەو کێشانە یەکلایی (تاووتوو) بکاتەوە کە لە پرۆسەی هاوردەکردنی داتاکانی شمەکی دەوروبەر و بەدەستهێنانی زانین بەگشت ڕەهەندەکانییەوە چالاک و کارا و گونجاو بێت، ئەوجا بتوانێ بنەما لۆجیکیەکانی کار و چالاکییە زانستی و نەزمە ئیپستمۆلۆجییەکان (زانین) دوور لە ڕۆڵی هەست و سۆز شی و تاووتوو بکات، ئیتر بەو پێیە میتۆدە ئەو ڕێبازە – ڕیگەیەیە کە لە هەردوو ئاستی تایبەتی و گشتیدا چالاکی و ڕێبازەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵام بەپێی زانستە جۆربەجۆرەکان، میتۆدە دەکرێ بە دوو جۆرەوە:

یەک: ئەو زانستانەی پشت بە ئەزموون و تاقیکردنەوە و تێبینیکردن دەبەستن و داتاکانی هاوردە ڕێکوپێک دەکەن و تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکەن (یان تاقییان دەکەنەوە) بۆ گشتاندنیان (ڕشتنی ڕەنگی قانوونەکان)، ئەوجا پێشبینی کردنی دواڕۆژ (یان ڕوودانی دواتر) ئەو زانستە جیاوازانە پشت بەمیتۆدەی ئیستقرای زانستی دەبەستن کە لە گریمانە و تێبینی کردن و ئەزموونەوە (ڕەوشی تاک) دەست پێ دەکات و بۆ ئەوەی تیۆری و قانوون دابنێ بۆ لێکدانەوەی پێوەندی نێوان ڕووداوە ڕاستەقینە (فاکتە)کان بەرەو وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و لێکدانەوەی ئەوەی لە جیهانی دەوروبەر (ماددی) بە هەردوو ڕەهەندی تایبەتی و گشتییەوە دێنە پێشەوە و سەر ئاو دەکەون (ماهر عبدالقادر: ١٩٩٧– ل ٢٧ – ٢٨). بەو پێیە ئیستقرا لە دەستەواژەی هەندەکییەوە، ئاماژە بەوە دەدەن کە تێبینی کراون دەست پێ دەکات بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی هەمەکی (گشتی) دیاردە و فاکتی تری تێدا دەبن کە دوور نییە تا ئێستا تێبینی و هەستیان پێ نەکراوە لە ئاییندەدا ڕوو دەدەن و دێنە پێشەوە، ئەمەش ڕەوش و دۆخێکی ڕێتێچوون دووپات دەکاتەوە. بەو شێوازە کە ئەنجامەکان ڕاستن و کاریان پێ دەکرێ تا وەک دیاردەیەک، یان چەند دیاردەیەک دەردەکەون و ئەو ئەنجامانە پشتگیرییان پووچەڵ دەکەنەوە. لێرەوە دۆخێکی دیکەی توێژینەوە دێتە ئاراوە.

٣– ئەو تێبینیانەی دەکرێن، پشت ئەستوور بە میتۆدەی زانستی، بەشێوەی دەستەواژە (یان هاوکێشەی بیرکاری) دادەڕێژرێن، ئەوجا دوای تاووتووکردنەوە و شیکردنەوەیان شێوەی بەڵگە ڕۆنان و ئەنجامگیری ئیستقرایی وەردەگرن.

پێشەکییەکانی ئەو ئەنجامگیرییانە ئەو هەندەکییانەن کە سەرەتا لە دەوروبەرەوە تۆمارکراون، بە ئەزموون و تێبینی کردنەوە بەدەست هاتوون کە بەهۆی هەستەکانەوەش پشتگیری کراون، ئەنجامەکەش تیۆری و قانوونی زانستین کە دەروازەی پێشبینی کردن

دەخەنــە ســەر پشــت. ئــەو پرۆســەیەی هەنــگاو هەڵگرتنــە لــەوەدا پوخــت دەکرێتــەوە:

لــە تێبینــی کردنــی ڕووداو و فاکتــی تــاک و هەندەکییــەوە کــە ســنووردارن و بینــراون هەنــگاو هەڵدەگیــرێ بــۆ دارشــتن و ڕۆنانــی چەنــد قانــوون و تیــۆری و بنەمایــەک کــە چەنــدان ڕەوش و دۆخــی نەدیتــراو، تێبینــی نەکراو تۆمــار دەکــەن و دەدەنــە دەســت کــە خەســڵەتی ڕێتێچوونیــان هەیــە، (ماهــر محمــد: ١٩٨٤، ل١١٥). ئــەم پرۆســەیە لــە هەندێــک ســەرچاوەدا بــە پــەردە لادان لەســەر قانوونــەکان و پێشــبینی کردنــی پرۆســەی دیاردەکان ناودەبــرێ، کــە واتــە میتــۆدەی توێژینــەوەی زانســتی بەچــوار قۆناغــدا تێدەپــەڕێ:

- تێبینــی کــردن (ڕووداو، فاکــت، شــمەکی هەندەکی دەوروبــەر) بــە هەســتێک لــە هەســتەکان.

- پشــت بەســتن بــە ئەزمــوون و تاقیکردنــەوە (هەندێــک جــار تاقیگــە لابــور).

- گشتاندنی هاوردە تێبینی کراوە هەندەکییەکان.

- پێشــبینی کــردن، ئایــا ئــەو دیــاردە و ڕووداوانــە لــە دواڕۆژدا ڕوو دەدەن، یــان نــا، یــان بەشــێوەیەکی دیکــە دەبێــت، ئەمــەش بــە ڕەوش و دۆخــی ڕێتێچوونــەوە بەنــدە و ئــەو ســنوورە نابەزێنــێ.

٤- ئەو پرۆســە چالاکییەی میتۆدەی توێژینەوەی زانســتی ئــەو ڕاســتییە دووپــات دەکاتــەوە کە مرۆڤ دەبــێ ئاغــای سروشــت بــێ و لــە پێنــاوی ســوود و قازانجــی مرۆڤــدا توێژینــەوەی تێــدا لەســەر بــکات بــۆ کۆنتــرۆڵ کردنــی. ئەگــەر جــاران سروشــت کەرەســتەی وردبوونــەوە و ڕامانــی فەیلەســووفەکان بووبــێ و لەســەدەکانی ناوەڕاست لــەلای کڵێســەی مەســیحی و لــە لاهووتەکەیانــدا بەدومایــەی بــەدکاری و بەدبەختــی بووبــێ، ئــەو سروشــتەی دۆڕانــدووە و بــووە بــە کەرەســتەیەکی بێلایــەن، وەک هەویــر و هەوێــن بــەو جــۆرە دەبــێ کــە بــەکار دەهێنــرێ و کاری لەســەر دەکــرێ.

- ئەگــەر لــە ســەدەکانی ناوەڕاســت هاوکێشــەی توێژینــەوە، کەرەســتەکانی بــەو جۆرە دیــاری کردبێ، ئــەو هاوکێشــەیە ســەرەو ژێــر و جێگۆڕکــێ کــراوە، جــاران ڕەب بەپلــەی یەکــەم بابەتــی توێژینــەوە بووبــێ، ئەوجــا سروشــت هاتبــێ و لــە کۆتاییــدا مــرۆڤ وەک بەنــد و کۆیلــەی ڕەب دانرابــێ. لــەم ســەردەمەدا، بەتایبەتــی هــەر لەگــەڵ دەســتپێکی ســەدەی نوێــوە سروشــت پشــکی شــێری توێژینــەوەی بەرکەوتــووە و مــرۆڤ بــە دوایــدا هاتــووە، تەنانــەت لــە فەلســەفەی ئەوروپــادا بایەخێکــی ئەوتــۆ لــە چــاو ســەدەکانی ناوەڕاســت بــە بابەتــی ڕەب و لاهــووت و وردەکارییەکانــی نــەدراوە.

**دوو:** ئــەو زانســتانەی بەزانســتی ڕوخســارەکی (فورماڵێتــی) نــاو دەبرێــن (بیــرکاری، ئەنــدازە، لۆجێکی مۆدێرن)، پشت بە بنەمــای هەڵهێنجان- بەڵگەڕۆنــان دەبەســتن (دیدەکشــن) و بــە بەڵگــەی ســەلمێنەر (بورهــان- ســاغ کردنــەوە) هــەوڵ دەدەن ئــەو ئەنجامــەی پێــی گەیشــتوون بەناچاریــی ڕاســتە و جێگــەی دڵنیاییــە و هیــچ دەرفەتــی ئەگــەر و گومانێــک نــادات. ئــەو دەســتەواژانەی ئــەوان بەکاریــان دەهێنــن، ڕوخســارەکین و ناکردنیــان توێــژەر دووچــاری کەوتنــە نــاو داوی ناکۆکــی دەکات. ئەگــەر ئەنجامــی توێژینــەوە لۆجیکییــەکان هەمیشــە ڕاســت و دروســت بــن، بــەڵام دەســتەواژە بەکارهاتــووەکان هەمیشــە دوو بەهایــان هەیــە: ڕاســت، یــان چەنــد (ناڕاســت)، بــەڵام ناکــرێ هاوکێشــە بیرکارییــەکان گومــان لــە ئەنجامەکانیــان بکرێــت، ئەوجــا ئــەو بابەتانــەی زانســتە ڕوخسارییەکان دەیانکــەن بەکەرەســتەی توێژینــەوە، وێنــە و ڕوخســاری پەتــی کــراوی بابەتەکانــن و هیــچ جــۆرە ناوەڕۆکێکــی ئەزموونیــان نییــە، چونکــە پابەنــدی کات و جێگــە نیــن، بەڵکــوو وێنــە و بۆچوونــن، لــە مێشــکی توێــژەردا.

- گرنگــی میتــۆدەی توێژینــەوەی زانســتە ڕوخسارییەکان لەوەدایــە، کــە دوای توێژینــەوە ڕوون بووەتــەوە، هەندێــک دیــاردە، شــمەک، ڕووداو هــەن،

ناکرێ بە تێبینی و هەستەکان پەیان پێ ببردرێ و بزانرێن، تیۆرییەکانیش بەشێوازی دەستەواژە و هاوکێشە ڕوخسارییە- بیرکارییەکان (ماتماتیک) دادەڕێژرێن و تۆمار دەکرێن و دەنووسرێنەوە، بۆیە ناکرێ بە ئەزموون و تاقیکردنەوە (تەجرەبە) ساغ و پشتڕاست، یان پووچەڵ بکرێنەوە، لەبەر ئەوە دەبێ پشت بە میتۆدەی توێژینەوەی فۆرمالیتی بەڵگە ڕۆنان (ئیستیدلال) ببەسترێ. ئەو بۆچوونە قسەکەی زانای ئیتالیایی پشتڕاست دەکاتەوە کە گوتوویەتی: ((کتێبی سروشت (دەورووبەر) بەزمان و هاوکێشەی بیرکاری نووسراوەتەوە)). ئەمە یەکەم هەنگاو و سەرەتای بەبیرکاری کردنی فیزیک (زانستی ئەزموونی) بووە کە شان بە شانی ئەزموون و تاقیکردنەوە نەیتوانیوە دەستبەرداری بیرکاری ببێت. (د. محمود فهمي زيدان:- ٢٠٠٧، ل ١٩٥)، کەوابوو بەبێ بیرکاری هاوکێشەکانی، بەبێ ئەندازیاری و هێما و سیمبۆل و چوارگۆشە و سێ گۆشە هێڵ ناکرێ لە نهێنییەکانی گەردوون (سروشت) بگەیشترێ و پەی پێ ببرێ. تیۆرییە سنووربەزێنەکەی کۆپەرنیکۆس (١٤٧٣- ١٥٤٣ز) کە ساغی کردەوە زەوی ناوەندی گەردوون نییە و جێگیریش نییە، بەڵکوو هەسارەیەکە وەک هەسارەکانی دیکە لە دەوری (خۆر) ڕۆژدا دەسووڕێتەوە. ئەم تیۆرییە ئەنجامێکی شۆڕشگێڕانەی سەردەمی خۆی بووە و گرینگی و بایەخی لەڕادەبەدەری میتۆدەی توێژینەوەی (ڕوخسارەکی) بیرکاری ساغ و پشتڕاست کردووەتەوە. کۆپەرنیکۆس هەوڵی داوە لە توێژنەوە و بیرکردنەوەدا بنەمای سادە و ڕێژەیی جێگیر بکات، بەلایەوە بەهۆی هەستەکانەوە بزانێ کاتێک بزووتنەوەیەک لە دەرەوەی زەوی ڕوودەدات، ئایا جووڵاوەکە شتە هەست پێکراوەکەیە، یان ئەو کەسەیە کە تەماشا دەکات، یان هەردووک لایانن، ئەگەر ئەو گریمانەیە بکرێت کە زەوی دەجوڵێتەوە و دەسووڕێتەوە کە لێوەی بزووتنەوە جۆرەبەجۆرەکانی هەسارە و لەشە ئاسمانییەکان هەست پێ دەکرێت، وێنەیەکی ڕێکوپێکی جیهان (گەردوون) دەستگیر دەبێ پتر لەو وێنە جیهانییە سادەتر و پەسەندترەکە گریمانەی جووڵانەوە و سووڕانەوەی لەشە ئاسامانییە (ئەستێرە- هەسارەکان) دەکات. بەڵگە ڕۆنانی پشت ئەستوور بە میتۆدە و هاوکێشەکانی بیرکاری پتر بەلای ئەو گریمانەیەدا دەچن کە زەوی جێگر نییە و دەسووڕێتەوە.

- ئەو پرسیارەی لێرەدا سەر ئاو دەکەوێ:

زانست لەخۆیدا چییە و چۆن ئەنجامەکانی لە چەند تیۆری و چوار چێوەیەکدا دادەڕێژرێ کە قانوونیان لێ دەکەوێتەوە بۆ پێشبینی کردن؟ وەڵامی ئەو پرسیارە کە لاریی لە بایەخ و گرینگییەکەی ناکرێ، لە چوارچێوەی ئەم بابەتە دەچێتە دەرێ و سنوورەکەی دەبەزێنێ! گومانیش لەوە ناکرێ کە بیرکردنەوە لە ئامانج و میتۆدە زانستییەکان و تایبەتمەندی پرسیار و ڕوونکردنەوەکانمان دەچنە خانەیەکی دیکەوە و سەربەخۆ لە بابەتی زانست!

٥- بەپێی میتۆدەی توێژینەوەی زانستی، زانستەکان لە ئیش و کار و چالاکییەکاندا دوو ئامانجیان هەیە:

**یەک: ئامانجی کردەکیی:**

چالاکی و پێشکەوتنی زانست و ڕۆنانی تیۆرییە زانستییەکان چەند ئامرازێکی دەرفەتی کونترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتنی سروشت دەدەن، بەو نیازەی ژیانی مرۆڤ خۆش بکەن، دڵنیایی پێ ببەخشن و پێداویستییەکانی بە ئاسانترین و باشترین شێواز دەستەبەر ببن. ئەو ڕەوش و بار و دۆخە لە ژیانی ڕۆژانەدا هەستیان پێ دەکرێ. جیهان بەم هۆیەوە بووە بە گوندێکی بچکۆلە و ئەوەی جاران بە هەفتە و مانگ و ساڵ مرۆڤ نە دەنگی دەیگەیشتێ و نە پێی دەگەیشت، ئەم سەردەمە بووە بە چاوترووکاندنێک. کۆمپیووتەر و

ئینتەرنێت و ئامرازەکانی پێوەندی و بیستن و دیتن ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە. گرێ کوێرەکانی ژیان تا ڕادەیەک کراونەتەوە، نەخۆشی کوشندە پاشەکشەیان پێ کراوە. جاران ئەگەر مرۆڤ کێشەی برسێتی هەبووبێ، لەم سەردەمەدا تێریی هەڕەشەی تەندروستی لێ دەکات. لە سروشت هیچی تر کێشەی ئاڵۆز و نەبەزێنراو نەماوە، بەهۆی زانستەوە کۆنترۆڵ کراوە. بوومەلەرزە و باران و وشکەساڵی و پەتای کوشندە نامۆ نەماون، بەڵکوو تا ڕادەیەک دەستەمۆکراون.

**دوو: ئامانجی تیۆری:**

لێکدانەوەی زانستییانەی دیاردە و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەیە، تێرکردنی حەز و ئارەزووی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لە گەوهەری شت و وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیاری: بۆ و چۆن؟! ساغکردنەوەی ئەو بنەمایەیە کە دووپاتی دەکاتەوە سروشت و بزووتنەوە و دیاردەکانی و ڕووداوەکانی هەڕەمەکی نین، بەڵکوو بەپێی چەند ڕێسا و بنەما و قانوونێک دەقەومێن و پیادە دەکرێن زانست لەلایەن تیۆرییەکەیدا ئەو لایەنە بەجۆرێک کە ژیر و لۆجیک پەسەندی بکەن، ڕوونی دەکاتەوە و پەردەیان لەسەر لادەدا. ئەوی دوێنێ تەمومژاوی و گرێ کوێرە بوون لە سروشت و کۆمەڵگە و ژیاندا، بوون بە بابەتی ئاسایی و سروشتی، چونکە بەهۆی میتۆدەی لێکدانەوە و شرۆڤە و تاووتووکردن بەهۆی (زانراوەوە بابەتی نەزانراو) ڕوون و ئاشکرا کراوە و کاڵ بووەتەوە، ئاواڵە کراوەتەوە، ئەوەیە مەبەست کە گوتراوە ئەگەر هۆکاری ڕاستەقینە بزانرێ سەرسوڕمان و حەپەسان پاشەکشە دەکەن، ئەمەیش سوود و قازانج دەکاتە ئامانجی سەرەکی چالاکیی زانستی و چالاکیی تیۆری و کردەکی زانست دەخاتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە.

٦- هیچ گومان لەوەدا نییە کە فەلسەفە و زانست دوو داهێنانی موعجیزە ئاسای سروشتی ژیر و توانایی مرۆڤن، هەریەکەیان لەگەڵ داهێنان و سەردەمی پەیدابوونیاندا ئامرازیکی کارای وەڵامدانەوەی پرسیارە ورووژاوەکان بوون کە ناخی مرۆڤی ژیری سەردەمەکەیان هەژاندووە و چاوەڕوانی یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی ژیر و هزر و ژیانی ڕۆژانەیان لێ کراوە.

لەگەڵ ئەو لایەن و ڕەهەندە پڕشنگدارانەدا کە ئومێدی هێنانی گوڵی خەرمانی بەهاری ژیانیان لێ کراوە، وەک گشت بابەتەکانی کولتوور (چەم بێ چەقەڵ نابێ) لایەنی نالەبار و ناڕێیان هەبووە کە بوونەتە مایەی نیگەرانی مرۆڤی ژیر و گازندەکردن و ڕەخنە گرتن.

ڕاستە زانستەکان دەسکەوتی شۆڕشگێڕانەیان داوەتە دەست، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مایەی هەڕەشە و گوڕەشەی سەر ژیان و پاشەڕۆژ و ئومێدی مرۆڤ خۆی بوون، بۆ نموونە پشت ئەستوور بە میتۆدەی توێژینەوەکە چەکەکەی دوو ڕەهەندە - دووبەهارییە، شیکردنەوە و ڕەخنەکردن: لە ڕوانگەی فەلسەفەوە ئەم گازندە و ڕەخنەیە دەخرێنە پارسەنگی زانستەکانەوە:

**یەک:** هەتا بڵێی و مرۆڤ حەز دەکات زانستەکان لە کێشەکانی ژیانی مرۆڤ و پرسە سەرەکییەکان دوور کەوتوونەتەوە، هایدیگەر وتەنی دەستیان بەهەموو شتێک گەیشتووە، بەڵام بوونی مرۆڤیان لەبیر چووەتەوە! تەنانەت بە هیچ جۆر و شێوازێک توخنی ئەو کێشە و بابەتانە نەکەوتوون کە خەمی سەرەکی فەلسەفە بوون، ئیتر بڕیاردان دەربارەی پرسی بوون و نابوونی فەلسەفە و میتافیزیک بە هیچ پێوەرێکی زانستی بەلایەکدا ناخرێ و یەکلایی ناکرێتەوە! (هانز پوسیر: ٢٠١٢، ل٢٣ بە ئەڵمانی).

**دوو:** داهێنانی چەکی تەفروتونا و قڕکەر

دەسـکەوتێکی تـری زانسـتەکانە کـە هەڕەشـە لەسـەرجەم مرۆڤایەتـی و کولتـوور و شارسـتانیەت و دواڕۆژی ژیانـی مـرۆڤ دەکات.

- بـەڵام هەرچیییـەک دەربـارەی ئەنجـام و کێشـەکانی زانسـت بگوتـرێ، دوو ڕاسـتی بەهـای خۆیـان لەدەسـت نـادەن و کاڵ نابنـەوە:

**یـەک:** گلەیـی لەسـەرکەوتن و دەسـکەوتە تیـۆری و کردەکییەکانـی زانسـت ناکـرێ، بەڵکوو گازندەکـە لـە هەڵوێسـتی زانسـت دەکرێ بەرانبـەر بـە ژیـن و بوونـی مـرۆڤ. ئـەوەی شـکۆ و پلـەو پایـەی لـەلای مرۆڤـی سـەردەم لەدەسـت داوە، واتـا و بایەخـی زانسـتە نـەک زانسـت خـۆی! کـە کێشـەکانی ژیانـی ڕۆژانـە لـە کۆمەڵگـەدا بەهەنـد وەرناگرێ، بگـرە بەپێـی پێویسـت بایەخیـان پـێ نـادات، ئەگـەر لـە بیـری نەچووبنـەوە!!

**دوو:** ڕاسـتە، هوسـەرڵ گوتەنـی، مـرۆڤ بەزانسـت بەختـەوەر نابـێ و کێشەکانیشـی بەیەگجارەکـی و بەتەواوەتـی چارەسـەر ناکرێـن و یەکلایـی نابنـەوە، بەڵام:

مـرۆڤ بەبـێ زانسـت کڵۆڵتـر دەبـێ و ئـەو جـۆرە بەختەوەرییـەی هەیەتـی کاڵ دەبێتـەوە!

لێـرەوە قسـە لـەوە دەکـرێ، ئایـا زانسـت و زاناکان لـە کار و چالاکـی و تیـۆری و کردەکانیانـدا تـا چەنـد بـە بنەمـا و ڕێسـا سـەرەکییەکانی بابەتـی ئـاکار پابەنـد دەبـن و پەیڕەویـان دەکـەن؟!.

- بمانـەوێ و نەمانـەوێ فەلسـەفە و زانسـت بەدرێژایـی مێـژووی کولتـوور و شارسـتانیەتی مـرۆڤ لـە ڕۆژی سـەرئاوکەوتنیانەوە دوو دیاردەی کولتـوور و ژیـان بـوون و بەوپـەڕی سـەرکەوتووانە هـەوڵ و کۆششـی مرۆڤـی هۆشـیاریان بـەرەو گەیشـتن بـە ڕاسـتی و ڕاسـتەقینە بەرجەسـتە و تۆمـار کـردووە.

- فەلسـەفە لـە خۆیـدا هـەر لەسـەرەتای پەیدابوونییـەوە چالاکییەکـی ژیـر و هەڵوێسـتێکی ڕەخنەگرانـە بـووە دەربـارەی بـوون و نابـوون. پشـتی بـە میتـۆدەی شـیکردن و پرسـیارکردنەوە بەسـتووە. خەمـی پیادەکردنـی داخوازییەکانـی مرۆڤـی هەبـووە بـەرەو گەیشـتن بـە زانیـن و زانیـاری ڕاسـتەقینە، ئەمـەش ئـەو خەبـات و تێکۆشـین و هەوڵـە بـووە کـە لـە پێنـاوی مرۆڤایەتـی مـرۆڤ و بایـەخ واتـای ژیـان داویەتـی. (د. نابـی بوعلـي: ٢٠١٢، ل٧).

ڕاسـتە فەلسـەفە چالاکییەکـی هـزری ژیرییـە و بەشـێکە لـە هۆشـیاری کۆمەڵایەتـی، بـەڵام ناتوانـێ دەسـتبەرداری زانسـت ببـێ، چونکـە زانسـت هـەر نەبـێ ئـەو دروشـمەی هەڵگرتـووە کـە بەهـۆی کۆنترۆڵکردنـی سروشـت و فراوانکردنی کایـەی ئازادییـەوە سـەرگەرمی بەختـەوەری و خۆشـگوزەرانی مرۆڤـە، بۆیـە گوتـراوە لاریـی لـە سـوود و قازانجـی زانسـت نەبـووە و نابـێ، بـەڵام هەڵوێسـتی و دەلالەتەکـەی سـەبارەت بـە بوونـی مـرۆڤ و ژیانـی وەک بایـەخ و ئامانـج و واتـای ئازادییەکـەی، لەگـەڵ خواسـتی مرۆڤـی سـەردەمدا نایەنـەوە!!.

٧- چالاکـی فەلسـەفە و زانسـت بەگشـت جۆرەکانییـەوە لـە توێژینـەوەی زانسـتی (بـە واتـا تایبەتـی و گشـتییەکەی) بـەولاوە نیـن. دەسـتپێک، گریمانـە و پێشـەکییە، شیکردنەوەی پرۆسـەکە بەدوایـدا دێـت و دوای گشـتاندن ئەنجام دەکەوێتـەوە. ئـەو چالاکییـە، هـەر بابـەت و زانسـتە لـەلای خۆیـەوە پێویسـتی بـە میتـۆدەی تایبەتـی توێژینـەوە هەیـە بـۆ گەیشـتنە ئـەو ئامانجـەی لـە سـەرەتاوە بڕیـاری لـە بارەیـەوە داوە و ڕەنگـی نەخشـە ڕێگـەی بـۆ ڕشـتووە.

- گرنگترین وێستگە کە سروشـتی زانستیانەی میتـۆدەی توێژینەوەکـە دیـار و دەستنیشـان دەکات بریتیـن لـە دوو چالاکـی:

**یەک:** شیکردنەوە (تەحلیل).

**دوو:** لێکدان (تەرکیب).

لـە فەلسـەفەدا بەتايبەتـی ئەوەنـدەی پێوەنـدی بە زانينـی سـەلمێنەوە هەيە شيكردنەوە و لێكدان چەند بنەمايەكی تيۆرييانـەن بـە هۆيانـەوە زانيـن بـۆ سـەر بنجوبناوانيشـی دەكرێتـەوە، ئەوجا هـەوڵ دەدرێ سـەرلەنوێ ئـەو بابەتـی زانينـە لەسـەر بنەمايەكـی نـوێ دابرێژرێتـەوە.

– ئـەو دوو وێسـتگەيە تايبەتمەنـدی هەريـەك لـە فەلسـەفە و زانسـت دەردەخـات كـە تـا چەنـدە جيـاوازی لـە نێوانيانـدا هەيـە و هەسـت پـێ دەكـرێ. زانسـت پشـت بـە ئەزمـوون و فەلسـەفە لـە چالاكييەكانيـدا پەنـا بـۆ وردبوونـەوە و ڕامـان و سـەرنج دەبـات و پەكـی لەسـەر ئەزمـوون نەكەوتـووە. لـە كاتێكـدا زانسـت سـنووری بـوون لـە هەڵكەوتـی لـە ئارادابـوودا نابەزێنـی لـە دەوروبـەردا چۆنـە بەبـێ دەسـكاری دەيـكات بـە كەرەسـتەی توێژينـەوە و بڕيارەكانـی سـنووردارن، بـەڵام لـە جيهانديـدی فەلسـەفەدا بابەتەكـە ڕەهەندێكی ديكـەی پـێ بـڕاوە. هەڵوێسـتی خـودی فەيلەسـووف و بيروبۆچوونەكانـی پشـكی شـێريان پـێ دەبـڕێ و ئاراسـتەی بوونـی بابەتيیانـە كاڵ دەبێتـەوە.

– ئەگـەر زانسـت باسـی ديـاردەكان بـكات چـۆن ڕوودەدەن، فەلسـەفە لـە خەمـی ئـەوە دايـە وەڵامـی ئـەو پرسـيارە بداتـەوە بـۆ ديـاردەكان كـە ڕوويـان داوە، لێـرەدا بەپێچەوانـەی زانسـتەوە بايـەخ بـە هـۆكاری دوور دەدات نـەک نزيـک لێـرە و ميتافيزيـک سـەر ئاودەكـەوێ. بەوەشـدا بـوون بەگشـتی، بوونـی هەمەكـی كێشـە سـەرەكيەكەيەتی كـە زانسـت بەلايـدا ناچـێ و توخنـی ناكـەوێ.

– بـەڵام هـەردوو بابـەت لـە ميتـۆددا جارێكـی ديكـە لـە يـەک نزيـک دەبنـەوە و هەردووكيـان بەپێـی بابەتـی توێژينـەوە پەنـا بـۆ شـيكردنەوە و لێكـدان دەبەنـەوە.

– هـەردووک لا هـەوڵ دەدەن هـاوردەی هەسـتەكان ئيتـر لـە ڕێگـەی تێبينـی كـردن و وردبوونـەوە هاتبـێ، يـان بەهـۆی ئەزمـوون و تاقيكردنـەوەوە (تەجرەبـە) دەسـتگير بووبـێ، بێنـەوە سـەر ڕەگـەزە سـەرەتاكانی، يـان بـۆ سـەر پێكهاتـە بنەڕەتييەكانـی دواتـر لـە فەلسـەفەدا سـەر لەنـوێ بنيادنانـەوە (لێكـدان) دەسـت پـێ دەكات. لـەو پرۆسـەيەدا هەرسـێک بابەتـی سـەلمێنەر ئيسـتقرا و بەڵگـە ڕۆنـان (هەڵێنجـان) هـاوكاری يەكتـری دەبن. (د. علي عبدالمعطي محمد: ١٩٨٥ ل ١٧١).

– ئەوەنـدەی ئـەو بابەتـە پێوەنـدی بـە فەلسـەفەوە هەيـە، بەتايبەتـی شـيكردنەوە كـە لـە فەلسـەفەی سـەردەمدا بـوون بەشـيكردنەوەی لۆجيكيانـە، ئـەو گۆڕانـە پتـر فەلسـەفەی لـە زانسـت، بەتايبەتـی فيزيـک و بيـركاری نزيـک كردووەتـەوە. شـيكردنەوەی گريمانـە و دەسـتەواژە و تيۆرييـە زانسـتييەكان و ئـەو ئەنجامانـەی لێيـان كەوتووەتـەوە هـەر لەواتـاوە تـا ڕاسـتييەكان بـە هـەردوو جۆرييـەوە: ڕاسـتی ژيـر (لۆجيـک) و ڕاسـتی هەڵكەوتـی لـە ئـارادا بـوون، بـوون بـە كەرەسـتەی توێژينـەوەی ميتـۆدەی زانسـتی كـە پتـر بـەلای بابەتـی فەلسـەفەی زانسـتدا هەنـگاو هەڵدەگـرێ و پشـت بـە چالاكـی شـيكردنەوەی لۆجيكـی دەسـتەواژە و تيۆرييـە زانسـتييەكان دەبەسـتێ.

– پەنابردنـە بـەر ميتـۆدەی شـيكردنەوەی لۆجيكيانـە بووەتـە مايـەی گۆڕانـی سـەرتاپاگير لـە ئـەرک و ناوەرۆكـی فەلسـەفەدا، بەتايبەتـی لـەلای هـەردوو ڕێبـازی پۆزيتيڤيزمـی لۆجيكـی (كارنـاپ) و فەلسـەفەی شـيكاری ئينگليـزی (ڕاسـل، مـور، ئايـەر). بـەو پێيـە ميتافيزيـک و ئـاكار چيتـر بابەتـی چالاكيـی فەلسـەفە نامێنـن و يەكەميـان دوور دەخرێتـەوە و دووەميـان دەخرێتـە خانـەی چەنـد زانسـتێكی ديكـەوە. ئـەوەی بـۆ فەلسـەفە دەمێنێتـەوە هـەردوو لقـی: تيـۆری زانيـن (ئيپيسـتمۆلۆجی) و لۆجيـک، بەتايبەتـی لۆجيكـی بيـركاری لـە ڕوانگـەی ئـەو

دوو ڕێبازەی فەلسەفەی سەردەمەوەیە. بەپێی ئەو پۆلێنکردنە نوێیە پرۆسەی وردبوونەوە و سەرنجدان لە توێژینەوەی شیکارییانەی لۆجیک جیا دەکرێتەوە. هەر لەم سۆنگەیەوە چالاکیی دارشتنی گریمانە لە چالاکیی تاووتووکردنی پێوەندییە لۆجیکییەکاندا دەبردرێ و پەنا بۆ پێناسەکردنی ئەو سیمبۆلانە دەبردرێ کە لە پێوەندییە لۆجیکییەکاندا دەردەکەون.

- پەیوەست کردنی هەردوو ئاراستەی شیکردنەوە و لێکدان بەشیکردنەوەی لۆجیکییەوە و بابەت و ئامانج و شێوازی توێژینەوە دیار و دەستنیشان دەکات.

شیکاریی لە خۆیدا پرۆسەیەکی لۆجیکییە، بنەما لێکدراوە هەمەکی و ئاڵۆزەکان دەباتەوە سەر بنەما سەرەتاییە سادە و ساکارەکان. بابەتە هەندەکی و پێوەندییەکانی بۆ زانینی پێکهاتە و بنچینەکانی ئەو بنەما لێکدراوانە تاووتوو دەکرێ. مەبەست لەو لێکدراوە ئاڵۆزانە بنەما دەستەواژە و تیۆرییە زانستییەکانە، ئەمانەش لە بیرۆکە و چەمک و چەندان ئامرازی پێوەندی پێکهاتوون. دوای ئەو پرۆسە شیکارییە، شێوازی لێکدان پەنای بۆ دەبردرێ بۆ سەر لەنوێ دارشتنەوە و ڕۆنانی بنەما و تیۆرییەکان بە مەبەستی ڕشتنی ڕەنگی زانینی زانستییانە بەجۆرێک دەرفەتی هیچ گومان و تەمومژییەک نەدرێ. (د. یاسمین خلیل ١٩٧١- ل ٩٣).

- ئەو گۆڕانەی بەسەر فەلسەفەدا هێنراوە، لۆجیکی بیرکاری کردووە بە میتۆدەی توێژینەوەی ئەنجامی زانستەکان، بەو شێوازەی ڕێگە و ڕێبازێکی شیکردنەوە و لێکدانەوە، بەمەش خۆی دەبێ بە بابەتێکی سەربەخۆ کە جاران ئامراز و دەروازە بووە، کەرەستەی توێژینەوە و میتۆدە و ڕێبازی تایبەت بەخۆی و ئامانجی دیار و دەستنیشانکراوی پێ براوە.

- ڕاستە میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکیانە هەنگاوێکی گرنگ بووە لەسەر ڕێگەی پێشکەوتنی زانستەکان هەڵگیراوە، بەڵام ئەنجامی وای لێکەوتووەتەوە کە دەستێکی ستەمکارانەی لەبابەتی فەلسەفە وەشاندووە بەوەی دوو لقی گرنگی لێ ستاندووەتەوە: میتافیزیک و ئاکار، ئەوجا پاوانی فەلسەفەی کردووە بەزەوییەکی بیاری بێ فەڕ و بێ بەرهەم! میتافیزیک کۆرپەیەکی بەنازی فەلسەفەیە و فەلسەفە بەشێکی گرینگی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە، تا مرۆڤ کە ئەندامێکی کارای کۆمەڵە بمێنێ، میتافیزیک و ئاکار لە باوەشی فەلسەفە دانابڕێن و بایەخ و ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی مرۆڤ بەهەردوو ڕەهەندی ماددی و گیانییەوە دەمێنێ. دابڕینی میتافیزیک لە فەلسەفە بەهەر بیانوویەک بێت، بێ پێزکردنی ژیان و بیارکردنی هزر و ژیرە کە گەوهەری مرۆڤن.

## سەرچاوە و پەراوێز:


١- دکتور ماهر عبدالقادر محمد علي، الميتۆدولوجيا - علم المناهج ج ٧، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٧.

٢- دکتور ماهر عبدالقادر محمد علي، المنطق الاستقرائي، بيروت ج ١، سنه ١٩٨٢.

٣- دکتور محمود فهمي زيدان: الاستقراء والمنهج العلمي، مصر، ٢٠٠٧.

4- Hans Poser: Wissenschaftstheorie. Reclam. Stuttgart 2012. S. 23. f.f

٥- جماعة من المؤلفين: حوار الفلسفة والعلم، د. نابي بوعلي، ص٧، منشورات الإختلاف، بيروت - لبنان، ٢٠١٣.

٦- دکتور علي عبدالمعطي محمد، مقدمات في الفلسفة، بيروت، ١٩٨٥.

٧- دکتور ياسين خليل: منطق المعرفة العلمية ليبيا، ١٩٧١.